# کەرکوکی ئەمڕۆ

www.runakbiry.tk

هەفتەنامەیەکی گشتییە – کۆمەڵەی روناکبیریو کۆمەڵایەتی کەرکوک دەریدەکات

ژمارە (١٦٦) ٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٧

## لە گوندی ( ئۆچ تە پە ) ١٦ چەکداری توندڕەو دەستگیر دەکرێن

سەرەچاوەیەکی هەواڵ لە گوندی ئۆچ تەپەوە بە (کەرکوکی ئەمڕۆ)ی راگەیاند رۆژی ١/ ٦ هێزێکی تایبەت لە هەڵمەتێکی گەڕانو پشکنیندا لە مزگەوتێکی گوندی ئۆچ تەپەی سەر بە قەزای خورماتوو ١٦ چەکداریان دەستگیرکرد.
ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی لەناو دەستگیرکراوەکاندا چەندین ئەفسەری سوپاو پۆلیسی پێشووی حکومەتی عێراقی تێدایەو لەپاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا دانیان بە چەندین کردەوەی تیرۆریستیداناوە، هەروەها ئەو سەرچاوەیە وتیشی لەکاتی دەستگیرکردنیان چەندین بڵاوکراوەو دیسکی سیدیو چەکی هەمەجۆریان پێ بووە.

# زیاتر لە ٣٠ سەرۆك جاش دادگایی دەکرێن

سەرچاوەیەکی تایبەت بە کەرکوکی ئەمڕۆی راگەیاند کە لە ماوەی داهاتودا بەو هۆیەوە کە ناوەکانیان هاتووە ٣٢ سەرۆك جاشی کورد بانگدەکرێنە بەردەم دادگا.
ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بۆ (کەرکوکی ئەمڕۆ) وتی"ئەو سەرۆك جاشانە لە دۆسیەی ئەنفالدا ناویان هاتووەو هەموویان راستەوخۆ لەگەڵ سوپای عێراقیدا بەشداری پرۆسەی ئەنفالیان کردووە کە بە هەشت قۆناغ بەڕێوەچوو نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی".
سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە ئێستا ناوەندی چاك لە هەوڵی ئەوەدایە زانیاریو دەیکۆمێنت لەسەر بەشداری ئەو جاشانە کۆبکاتەوە تا لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا بەکار بهێنرێن.

## سەروتار

## کەرکوکێکی چۆنمان دەوێت

مادام لە کەرکوکدا چەندین ئاینی جیاواز هەن، کەواتە دەبێ دۆخی سیاسیو بەڕێوەبردنی ئەم شارە، لەدۆخی سیاسیو بەڕێوەبردنی هەر شارێکی دیکەی عێراقو کوردستان جیاوازتر بێت، بەدرێژایی نزیکەی ٨٥ساڵی دەسەڵاتی عەرەبی سونی لە عێراقدا، هەرگیز بارودۆخی تایبەتی ئەو شارە لەبەرچاو نەگیراوە، هەمیشە کەمینەی عەرەبی سونە لەرێگای زەبرو زەنگەوە حوکمی زۆرینەی خەڵکی عێراقیان کردوە، بەتایبەت کوردو شیعە، شیعە کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، کوردیش کە نزیکەی یەك لەچوار بەشی ئەم وڵاتەن، لەبەرچاونەگرتنی ئەو جیاوازیە لەتەواوی عێراقدا لەلایەكو لەبەرچاونەگرتنی دۆخی تایبەتی کەرکوك لەلایەکی دیکەوە، بەردەوام ئەم شارەی لەبەردەم جۆرێك لەململانێیو توندوتیژیدا راگرتوە، ئەگەر ئاوڕ لەرابردوو بدەینەوە دەبینین، جگە لە ململانێی ناوخۆ، وڵاتانی دەوروبەرو ئەوانی دیکەش بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستیان هەبووە لەو توندوتیژیەدا، روداوەکانی رابردوو بەتایبەت رووداوی ساڵی ١٩٥٩ راستی قسەی ئێمە دەسەلمێنێت، لەدوای روخانی بەعسەوە، بواری هەناسەدان زیاتر رەخسا، ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە دەوروبەرو ناوخۆش بکەونەوە جموجۆڵی جیاواز لەو بارەیەوە، جیاواز بەو مانایەی کەس نایەوێ بەوردی ئاوڕ لە برینەکانی رابردوو بداتەوە، هیچ نەبێت بارودۆخی تایبەتی کورد لە ٣٥ ساڵی دەسەڵاتی بەعسدا، پرسەکانی تەعریبو راگواستنو ئەنفال، ئاخر ئەمانە برینێکی قوڵیان کردوەتە جەستەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئەم شارە، ئەوەی جێگای داخە ئەوانی دیکە نایانەوێت ئەو برینانە وەکو خۆیان ببینن، ئێمە کەرکوکێکمان دەوێت هەموومان برینەکانی جەستەی یەکتر وەکو خۆی ببینین، ناکرێ من نەزانم تورکمان لەم شارەدا چی بەسەر هاتوە، یان تورکمان نەزانێ کورد چی بەسەر هاتوە، ویستنی کەرکوکێك کە هەموومان ئازارەکانی یەکتر ببینین لەلایەكو هەمووشمان کاربۆ ساڕێژکردنی برینەکانی ئەو جەستە تێکشکاوە بکەین، ئەوە هەر ئەو کەرکوکەیە کە کاری بۆ دەکەین. کەرکوکێك کوردو عەرەبو تورکمانو تەواوی دانیشتوانی شارەکە ئازارەکانی یەکتر بخوێننەوە. دروستکردنی کەرکوکێکی وا پێویستی بە دەزگایەکی نەشتەرگەری گەورە هەیە، دەزگایەکی نەشتەرگەری گەورە، نەشتەرگەری راستەقینە بۆ مێشکی حیزبو رێکخراوو هاوڵاتیانی ئەم شارە بکات.

لەتیف فاتیح فەرەج

## سەرکردایەتی کورد سورن لەسەر جێبەجێ کردنی بەندی ١٤٠.

لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا دکتۆر محەمەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە (کەرکوکی ئەمڕۆ)ی وت "سەرکردایەتی کورد سورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ بەندی ١٤٠ی دەستور لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێتو بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین ئەو بەندە بۆ کاتو ساتی دیکە دوا بخرێت".
محەمەد ئیحسان بۆ (کەرکوکی ئەمڕۆ) وتی"سەرکردایەتی کورد بەهیچ شێوەیەك لەسەر کەرکوك مساوەمە ناکاتو کەرکوك بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان".
سەبارەت هەڵوێستی میدیای کوردی لە کەرکوکیش دکتۆر وتی"بەداخەوە میدیای کوردی لە کەرکوك بەجۆرێك لە رەشبینیەوە دەڕوانێتە هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد کە ئەمە وانیەو هەق نیە میدیای کوردی لەنێو هاوڵاتیانی کەرکوكو کوردستاندا نیگەرانی دروست بکات".

## خوێندکارێك لەبەر قژدرێژی فەسڵ دەکرێت

کەرکوکی ئەمڕۆ–تایبەت

لەسەروبەندی تاقیکردنەوەی زمانی کوردی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کەرکوك خوێندکارێك بەناوی (کاروخ سەیفەدین)دوای دەمەقاڵە لەگەڵ راگری پەیمانگەکە لەسەر قژدرێژی بۆ ماوەی ساڵێك لە خوێندن فەسڵ دەکرێت.
سەرچاوەیەك لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کەرکوکەوە پێیڕاگەیاندین کاتژمێر ٩,١٥ خولەکی رۆژی ٣ /٦ /٢٠٠٧ لەکاتی تاقیکردنەوەکانی زمانی کوردیدا ئەو خوێندکارە بە زیادەڕەویکردن لەسەر راگری پەیمانگەکە بڕیاری فەسڵکردنی دەدرێت، دوای ئەوەی لەسەر قژدرێژی مشتومڕیان لەنێواندا دروست دەبێت.
سەرچاوەکە روونیکردەوە کە ئەو بڕیارە بۆتە هۆی نارەزایی زۆربەی خوێندکارانی پەیمانگەکە، هەروەك ئاماژە دەکات کە هەموو کوڕە خوێندکارە قژدرێژەکان ئاگادار کراونەتەوە کە قژەکانیان ببڕن دەنا ناکرێنە هۆڵی تاقیکردنەوەکانەوە.. سەرچاوەکە وتیشی پێشتریش نەعلو شەحاتەو کڵاش لەپێکردن قەدەغەکراوەو رۆژێکیش بەر لە فەسڵکردنی ئەو خوێندکارە بەهۆی باج هەڵنەگرتنەوە رێگە نەدراوە چەندین خوێندکار بچنە هۆڵی تاقیکردنەوە.

# تورکیا گوندەکانی کوردستان بۆردومان دەکات

نیوە شەوی ٢ /٦ /٢٠٠٧ سوپای تورکیا بەتۆپی قورس گوندەکانی "چیای سور، چیای رەش، موسوڵوك، مەزاری شۆشنێ، ئەلموشی سەرو، ئەلموشی خواروی"بۆردومان کرد.
لەم بۆردومانەدا کە هیچ زانیاریەك لەبارەی زیانەکانەوە رانەگەیەنراوە، حکومەتی تورکی بۆ ماوەی نزیکەی کاتژمێرێك ئەو ناوچانەی دایە بەر تۆپی دور هاوێژ، ئەمە لەکاتێکدا شەوانی پێشتریش بە بیانووی بوونی پەکەکەوە ئەو ناوچانە بۆردومان کراوەو تا ئێستاش بە فەڕمی لەلایەن حکومەتی کوردیو حکومەتی عێراقیەوە لەو بارەیەوە هیچ رانەگەیەنراوە.
چەند رۆژ لەمەوبەریش چەند چەکدارێکی تورکی لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا کە چەکی بێدەنگو کامێرایان پێبووە، ویستویانە لەناو سلێمانی وێنەی پۆلیسخانەی سلێمانی بگرنو دواتر دەمەقاڵە دوست بووە، بەهۆی ئەوەوە کە چەکدارە تورکەکان سەر بە پەیوەندیەکانی تورکیا بونە داوای لێبوردنیان لێ کراوە.



تاڵەبانی گەشبینە … ل٢

## فەیلەق دووچاری کێشەی بێ ئاوی بووەتەوە

ماوەیەکە ناوچە جیاجیاکانی کەرکوك بە تایبەتی گەڕەکی ئاوارە نشینی فەیلەق دووچاری کێشەی بێ ئاوی بوونەتەوەو لەگەڵ چەندین بەڵێنی بەرپرسانی شارەکەدا بە تایبەتی بەڕێوەبەری ئاوی کەرکوك، بەڵام تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی جدی بۆ چارەسەرکرنی نەنراوە.
هەندێك ناوچەی گەڕەکی فەیلەق ئێستا لە ڕێگای تەنکەرەوە ئاویان بۆ دەچێت ئەویش هەفتەی جارێك، هەرچەندە پڕۆژەی ئاو بۆ فەیلەق ئەنجامدراوە بەڵام پڕۆژەکە سەرکەوتو نەبووە تاکو ئێستاش هیچ لایەنێکی پەیوەندی دار هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو پڕۆژەیە ئاشکرا نەکردوە، لەبەرامبەردا دانیشتوانی ئەو شوێنانە پێیان وایە ئەگەر ئەم هاوینە کێشەکەیان چارەسەر نەکرێت ئەوە توشی قەیرانێکی گەورە دەبنەوە، ئەمەو تاکو ئێستا چەندین جار کێشەو گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو بەڕێوەبەرایەتی ئاو رویداوە.






سروشتی کەسایەتی ل٤

## لە تکریت عەشیرەتەکانی جبورو شەمەر ئەنجومەنێکی نیشتمانی پێکدەهێنن

سەرچاوەیەکی تایبەت لە پارێزگای تکریتەوە بە (کەرکوکی ئەمڕۆ)ی راگەیاند لەم چەند رۆژەی رابردوودا عەشیرەتەکانی جبورو شەمەر لە سنوری پارێزگای تکریت ئەنجومەنێکی رزگاری پێکدەهێنن بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیانو بەگژا چوونەوەی چەکدارە توندڕەوەکانی ئەو سنوورە، ئەو سەرچاوەیە وتیشی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە لەلایەن سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو پارێزگایە پێکهاتووەو لەم ماوەیەدا چەندین کەسایەتی ئەو ناوچەیە بەدەستی چەکدارە توندڕەوەکان تیرۆرکراون، سەرچاوەکە دەڵێ دەنگی ئەوە هەیە لە زۆربەی ناوچە سوننە نشینەکان ئەو ئەنجومەنانە پێکبهێنریو ناوچەکانیان لەو چەکدارە توندڕەوانە پاك بکرێتەوە.



ئەمریکاو ئێران .. ل٦

## دوای ئەوەی ٤٠ ملیۆن دیناریان لێدەسەنن تیرۆریش دەکرێن

ئومێد

دوو لاوی خەڵکی قەزای کفری پاش ئەوەی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە دەرفێندرێن، رفێنەرەکان داوای ٤٠ ملیۆن دینار دەکەن، پاشان تیرۆریشیان دەکەن.
سەرچاوەیەك لە قەزای کفری بە (کەرکوکی ئەمڕۆ)ی راگەیاند: رۆژی ١٤ / ٥ / ٢٠٠٧ دوو لاو بەناوەکانی (قائید بەکرو محەمەد نوعمان) لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە نزیك یەکێك لە گوندە عەرەبەکانی ناوچەی عوزێم دەڕفێنرێن. بۆ رۆژی دوایی چەکدارەکان پەیوەندی بە کەسوکاری رفێنراوەکانەوە دەکەنو داوای ٤٠ ملیۆن دیناریان لێدەکەن بەرامبەر ئازادکردنیان.کەسوکاری ئەو دوو لاوەش کە سەربە بنەماڵەیەکی هەژارن، لەرێگای کۆمەكو یارمەتیی خزمەکانیانەوە ئەو بڕە پارەیە دابین دەکەنو دەیدەن بە رفێنەرەکانیان.
سەرچاوەکە وتیشی: بەڵام ئەو رفێنەرانە رۆژی ٢٨ /٥ /٢٠٠٧ پەیوەندیان پێوەدەکەنو پێیان دەڵێن بڕۆن لەهەمان ئەو شوێنەی کە پارەکەتان داناوە تەرمی کوڕەکانتان بەرنەوە"
سەرچاوەکە روونیشی کردەوە: کە پاشماوەی ئازارو ئەشکەنجە بەسەر تەرمەکانەوە دیاربووە کە ئاماژە بووە بۆ ئازارو ئەشکەنجەدانیان بەر لە تیرۆرکردنیان.
لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەك لە پۆلیسی کفریەوە پێی راگەیاندین: کە لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا، هەڵمەتێکی پشکنین لەو ناوچەیە دەستی پێکردووە، کەلەئەنجامدا زیاتر لە ٢٠ گومانلێکراو دەستگیر کراون.
جێگای گوتنە کە (کەرکوکی ئەمڕۆ) لەژمارە (١٦٣)دا ئاماژەی بە رفاندنی ئەو لاوانە دابوو.

## لەشەڕی دوو تیرەی عەرەبدا چوار کەس دەکوژرێن

رۆژی شەممە ٢ /٦ /٢٠٠٧ لەشەڕی نێوان دوو تیرەی عەرەبدا چوار کەس دەکوژرێنو ٨ کەسیش بریندار دەبن. ئەم شەڕە لەرۆژئاوای شاری کەرکوك لەنێوان هەردوو تیرەی سەیدەکانو گزا روویدا لەسەر ئەو زەویانەی کەپێشتر عەلی حەسەن مەجید داگیری کردبوونو سەید خەڵەف سەرپەرشتی دەکردن.
لەدوای روخانی بەعسەوە سەید خەلەف دەسەڵاتی بەسەر ئەو زەویانەدا نەماوەو ناوچەکەی بەجێهێشتوە، ئێستاش بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بەسەریدا ئەو دوو بنەماڵەیە کێشەیەکی خوێناوی کەوتوەتە نێوانیانەوە.